# شاعیرێک لە داوێنی شاخ و گوڵەباخدا

**د. شەماڵ ئیسماعیل پوور**
**(بۆکان)**




که کۆمەڵە شیعرێک چاپ و بڵاو دەبێتەوە، کەیف خۆشییەکی تایبەت هەستم دادەگرێ. وا هەست دەکەم ژیان بە هەموو تاڵی و شیرینییەکانییەوە بەردەوامە و دیسان کەسێک دەیەوێ جارێکی تر و بە شێوازێکی تر لە جوانی و عەشق و ژیان و ناحەزی و چەوتی و سەقەتی بدوێ، شیعر دەڵێ چاوی تیژبینی شاعیرێک دەیەوێ وێنەیەکی نوێ لە جیهان بگرێ و بیخاتە بەر چاوی کۆمەڵگا.

شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ ئەمین گەردیگلانی دوایین کۆمەڵە شیعری خۆی بە ناوی «زایەڵەی شاخ و قیژەی گوڵەباخ» چاپ کرد و کەوتە بەر چاوی خوێنەرانی شیعری کوردی، منیش بە ڕەی خۆم و بە حەزی شیعری و هونەری و چێژی تایبەتم لەم خەرمانە سوور و شەنوکەو کراوە دەپێوم و لە توێی وتارێکی خۆماڵیانەدا، دەیخەمە بەرچاوی خوێنەری شیعر دۆستی کورد، هیوادارم توانیبێتم کارێکی شیاوی بەرچاوی بەردەنگی چالاکم کردبێ.

گرێدانی شاخ و گوڵەباخ بە دوو پێشگری وشەی زایەڵە و قیژەوە دوو خوێندنەوە دەخوازێ. ئەگەر زایەڵە بە واتای دەنگدانەوە دابنێین و واز لە مانای دووەمی کە گریان و شیوەن و زارییە بێنین، ناوێک بە باری ئەرێنی و هیوابەخش دێتە ئاراوە کە لانی کەم بۆ خۆم وەبیر هێنەرەوەی شیعرە ڕەمزاوییەکەی (هێمن)ی نەمرە کە دەڵێ:

**لە کۆ ئەسرین دەبارێنم لە بۆ کوردی پەڕاکەندە**
**لە گەرمێن غەرقی ئارەق بووم و چاوم هەر لە سامڕەندە**

بەم واتەیە زایەڵەی شاخ و قیژەی گوڵەباخ ڕوانینێکە لە دەردەوە بەرەو ئارامی، لە ژیانی پڕ ژانەوەیە بەرەو هێوری، لە جەنگەوەیە بۆ ئاشتی و لە دزێوییەوە بۆ جوانی، بەڵام ئەگەر زایەڵە بە واتای گریان و زاری بێنین، ڕوانینمان نوقمی تراژێدیا دەبێ. ئەوسا باس لە ژینە و دووقاتە بوونی، باس لە دەردێکە سەرباری هەموو دەردان، لە هەر حاڵدا ناوێکی شاعیرانە و جێی سەرنجە.

زمانی ئەم کۆمەڵە شیعرە، زمانێکی ساغ و پڕ کاکڵ و پاک و خاوێنە، شاعیر بەم زمانە ساغە خودی خۆی بە کۆمەڵگاوە گرێ داوە

و لە هەمان کاتیشدا زمانێکی بەهێز و پڕ جوولەی خولقاندووە، نە هێندە دژوارنووسە کە بەردەنگ وەزاڵە بێنێ و نە هێندەش ساکار و سادەیە کە لە ڕێبازی شیعرێکی بەهێز و پتەو لای دابێ. بە گشتی شاعیر لە زماندا خاوەن دەسەڵاتە.

**یارێ هەیە دەڕژێ لە نیگای شەونم و پڕشنگ**
**ئێمەی کری دڵ ڕەش کەچی قەلپووچ و قلۆچین**
**ئێمەی کە بە شۆقێکی گوڵەستێرە شەوارەین**
**کوا سەیرە بە پڕشنگی نیگای خۆری لە خۆچین؟**

**ئەمین و چوارینە:** پاش بڵاوبوونەوەی فەرهەنگی هەنبانەبۆرینە و ڕەخنە و سەرنجی زانایان و نووسەران، ئەمین گەردیگلانی بڕیاری دا ئەو وشانە کۆ بکاتەوە کە لە هەنبانە بۆرینەدا نین. هەر ئەو کات بەو کارەی کە کتێبی ڕێژگەی لێکەوتەوە، سەلماندی کە شاگردێکی کارپوخت و وشەناسی مامۆستا هەژارە. ئێستاش لەم کۆمەڵە شیعرە نوێیەدا هێندێک چوارینەی چاپ کردووە کە دیسان بە حەق سەلماندوویەتی کە شاگردی مامۆستا هەژارە، شاعیر کۆمەڵێک پرس و کەڵکەڵە و بابەتی گرینگی لەم چوارینانەدا گونجاندووە کە جێی ڕامان و باس کردنن.

مرۆڤ هەمیشە بە دوای هێزێکی ڕەهاوە بووە کە بتوانێ بەو هێزەوە خۆی نیشان بدا و ڕادەی دەسەڵاتی خۆی بە سەر جیهانی دەور و بەریدا زیاتر بکات، یان ئەوەتا ئەو هێزەی لە سەرچاوەیەکی بێ بڕانەوە وەرگرتووە و پشتی بە خودا بەستووە، یان ئەو هێزەی لە خۆیدا دیوەتەوە و لە خۆی ڕادیوە بەرەنگاری هەموو کێشەکان ببێتەوە و بۆ خۆی چارەسەریان بکات و نیتشە گوتەنی ببێ بە سووپەرمان، یان مەزنە مرۆڤ. شاعیری ئەم چوارینانەش زۆرجار پشتی بەو هێزە ڕەها و لە بڕان نەهاتووەی خودا بەستووە و جاروباریش لە هێز و باڵی خۆی ڕادیوە و هاتووەتە مەیدان.

**پڕگەوهەری ئەسرین بووە دەست و کۆشم**
**لای تۆیە هەموو دەمێ خەیاڵ و هۆشم**
**من کوردم و بێکەسم وەک تۆ خوایە**
**گرتوومەتە باوەش خەمی تۆشی و خۆشم**

ئەمین لە چوارینەکانیدا زۆرتر ڕووی لە خودایە و لەو توندوتیژی و ڕیاکاری و ژیان و زارۆک کوشتن و بە ناوی خوداوە خۆ داسەپاندن، گلەیی کردووە.

**دەمزانی چ عاشقانە تۆ دەونێنێ**
**ڕابردوو بە دڵ کە دەمدی بانگ دەخوێنێ**
**ئەمڕۆکە موسوڵمانەتی وای کرد لە خەڵک**
**شەرمێ دەکەن و بە سرتە ناوت دێنێ**

فەلسەفەی ژیان و باسی مەرگ و ژیانیش بەشێکی تری بەرچاوی کاکڵی چوارینەی شاعیرن. لەسەر چوار توخمەکەی جیهان باسی کردووە و پێی وایە کە ئەوە مرۆڤە جیهانی تێکداوە و توخمەکان لە جێی خۆیان ماونەتەوە و نەگۆڕاون.

**ئەم ژینە کە بۆ بەختەوەری ئینسانە**
**خەمخانەیە جێی مەینەت و دەرد و ژانە**
**وەک خۆیەتی ئاو و ئاور و خۆڵ و با**
**ئینسانە ڕەشی کردووە وەک خومخانە**

شاعیری زایەڵەی شاخ و قیژەی گوڵباخ، شاعیرێکی تەنیا و گۆشەگیر نییە و لە زەینی خۆیدا نەماوەتەوە. سۆفی گۆشەی خانەقا نییە و ئاگای لە دەوروبەرە و لە ژیانی واقیع شیعر هەڵدەگوێزێ. بە نێو کێشە و پرسەکانی مرۆڤدا شۆڕ بووەتەوە و شاعیرانە- نەک فەیلەسووفانە- دەڕوانێتە جیهان. لەسەر بابەتی شیعر و فەلسەفە و شاعیر و فەیلەسووف بە درێژایی مێژوو باس و شەڕە. غوڵام حسەین ئیبراهیمی دنیانی مامۆستای فەلسەفە لە ئێران پێی وایە کە شیعر و فەلسەفە بێ جیاوازین و هەردووکیان لە هەستی و بوون دەدوێن. بە پێی وتەکانی ئەم مامۆستایە فەیلەسووف و شاعیر دەتوانن لە خانەیەکدا پێناسە بکرێن، بەڵام بە درێژایی مێژوو شەڕی فەیلەسووف و شاعیر لە ئارادا بووە.

ئەفلاتوون فەیلەسووف و زانای یۆنانی کەونارا، لەگەڵ شاعیراندا دانووی ناکوڵێ و ئەوانی لە یۆتۆپیای خۆی دەرکردووە. ئەو پێی وایە کە شاعیران چەواشەکارن و لە ئاست خودادا ناڕاستن. دەڵێ شاعیران هەمیشە شتە خراپ و چەوتەکان بە خوداوە دەلکێنن و لایان وایە کە نادادوەری لە جیهاندا کاری خودایە. شاعیر و زانای فارس مەولانا جەلالەددین«مەولەوی»ش لەگەڵ فەیلەسووفەکان ناسازێ و لای

وایە کاری ئەوان بێ بنەما و بێ هێزە. دەڵێ:

**پای استدلالیان چوبین بود**
**پای چوبین سخت بی تمکین بود**

هەرچەند مەولانا بەم شیعرە دەیەوێ کاری فەیلەسووفەکان بێ هێز نیشان بدا و پشتی بەم بەڵگەیە بەستووە کە هەمان کاری فەیلەسوف و لۆژیک کارەکانە و بیچمی دووەمی قیاسە. شیعر و فەلسەفە تێکەڵاوییەکی زۆریان هەیە و بە گشتی فەلسەفە و وێژە بە بێ یەکتر پێیان ناکرێ. فەلسەفە لە ڕێی زمان و وێژەوە دەتوانێ بە جوانی خۆی ئاراستە بکا و وێژە بە بێ فەلسەفە قاقڕێکی کاکی بە کاکییە. وەک دەزانین فەیلەسووفەکانی ئیگزیستانسیالیزم خۆیان زۆرتر لە ڕێی ڕۆمانەوە ناساند، بەڵگەشمان بۆ ئەم قسەیە ڕۆمانی هێڵنجی سارترە. دەستۆیڤسکی یەکەم چەخماخەکانی فەلسەفەی ئیگزیستانسیالیزمی لێ دا. شاعیرانی کوردیش لە فەلسەفە بێ بەش نەبوون و گەلێک شاعیری فەیلەسووفمان هەبووە کە بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بە مەحوی و پیرەمێرد بکەین. مەحوی بە چەند دێڕ شیعری فەلسەفاوی سەلماندوویەتی کە لە فەلسەفە ڕۆچووە و بۆ نموونە لەم دێڕە شیعرەی خوارەوەدا بە چڵەپۆپەی مرۆڤخوازی و هیومانیزم گەیشتووە:

**لە پاداشی قسەی سەردا هەمە ئاه و هەناسەی گەرم**
**کەسێ شێتانە بەردم تێگرێ من بەرقی تێدەگرم**

زۆر لە شاعیرانی لاوی ئێمە، سێ چوار بەرهەمی شیعری بڵاو دەکەنەوە و تازە دەزانن کە دەبوو چەند کتێبیان خوێندبایەتەوە.

لە لایەکی تریشەوە فەیلەسووف بوون کارێکی ئاسان نییە و زۆر جار بۆ خودی کەسەکە باسی سەرە. خەڵکانی نەخوێندەوار و دەسەڵاتداری نەزان هەمیشە دژ بە مرۆڤی زانا و فەیلەسووف بوون. نموونەی هەرە بەرچاوی ئەم دژایەتییە کوشتنی فەیلەسووفی مەزنی یۆنانی کەونارا «سوقرات»ـە، هەروەها شەهیدکردنی شێخ شەهابەددینی سوورەبەردی و دووخستنەوەی ئیبن ڕوشدی ئەندولسییە، بەڵام شاعیر بۆ دەربڕینی بیر و ئەندێشەی خۆی تا ئەم ڕادەیە بەرچاو و لەبەردەم مەترسیدا نییە. نموونەی هەرە بەرچاوی ئەم قسەیەشم شیعرە پڕ لە ناوەرۆک و بە کاکڵەکانی خەییامە کە دڵنیام ئەگەر لە چوارچێوەی فەلسەفەدا ئەوانەی گوتبا، لە سوقرات و شێخی شەهیدی خراپتر بەسەر دەهات، یان مامۆستا هەژاری مەزن لەم کۆمەڵگا دوور لە فەلسەفەیەدا، ئەگەر بە شیعر قسەی دڵی نەکردبا، لە عەبدولخالق مەعرووفی خراپتر بەسەر دەهات. وەک لەم دێڕەدا دەڵێ:

**دینێ بەشی کورد بخاتە بن لیچ**
**سەدبار گەورە بێ نامەوێ وە هیچ**

شیعر کە لە عاتیفە ترازا و ڕووی لە بیر و ئەندێشە کرد، نەمر دەبێ، بەڵام شیعری دوور لە بیر و ئەندێشەی قووڵ و ڕازاوە بە جوانکاری و وێنەی جوانی شیعرییەوە ئەو بەختەی کەمترە. لە چاخی حافزی شیرازیدا شاعیر هەبوون کە لە حافز شیعر ناسکتر و پڕ وردەکاریتر بوون، کەچی ئەوە بیر و بۆچوون و ئەندێشەی حافزە نەمرتر دەبێ. هایدگەر دەڵێ: ئەو شتەی کە ناکرێ شیعر بیڵێ، دەبێ بە فەلسەفە بگوترێ. زۆرجار کەسانێک بە پێچەوانەی هایدگەریش قسەیان کردووە و لایان وا بووە کە شیعر لەبەر ڕەها و یاخی بوون، دەتوانێ ئەو شتە بڵێ کە فەلسەفە دەرەقەتی نایەت.

تایبەتمەندییەکی تری شیعری ئەمین گەردیگلانی پرسیارکردنە، شیعر دەبێ کۆمەڵێک پرسیاری ڕەها لە خۆ بگرێ، کورد دەبێ پرسیار بکات. دەبێ لە شیعردا لە وەڵامی پێشوەخت و دەستنیشان کراو خۆ ببوێرین و وەڵامی پرسیارەکانمان بۆ بەرەی داهاتوو بەجێ بێڵین. بەخۆشییەوە ئەمین گەردیگلانی لەم بوارەدا کەمتەرخەم نەبووە و کۆمەڵێک پرسیاری ئاراستەی گەلەکەی کردووە:

**بێژی لە هەناوی شەوی سامناکی ژیانا**
**خۆرێک و هەزاران گەشەئەستێرە نەگوورێن؟**

یان:

**ئەم خاکە کە چاوێکی نییە جوانی ببینێ**
**ئاسمانەکەشی ڕەش بێ دەبا خۆری لەبۆ چین؟**

شاعیر لە وشە بە وشەی شیعرەکانیدا دەژی، لە هەر

شیعرێکیدا دەتوانی خود و دەروونی شاعیر ببینی، واتە دەکرێ بە پەیژەی وشەکانی بچییە ڕوحی شاعیرەوە، تەنانەت ئەگەر بە پێی هێرمێنۆتیکی نوێش- کە نووسەر لە دەق دوور دەخاتەوە- لە شیعرەکانی ئەمین گەردیگلانی بڕوانین هێشتا ڕوخساری شاعیر و هەست و بیری بە جوولەی دیار و پڕ هەستەوە دەبینین.

توخمەکانی شیعری شاعیر زۆرن کە وەک چەند توخمی بەرجەستە و زاڵ دەتوانین ئاماژە بەم چەند دانە بکەین:

نیشتمان پەروەری لە شیعری گەردیگلانیدا حەوجێی بە باس و نیشاندان نییە و لە هەموو شیعرەکانیدا ئەم توخمە دیار و بەرچاوە. شاعیر کە بۆ ژوانیش دەچێ، دەیەوێ لە نیشتمانێکی ئارام و پڕ لە ئاشتی و سەربەستیدا بێ.

سروشت خوازی، شاعیر هەمیشە لە خۆر و مانگ و ئەستێرە و گوڵ و دار و گوڵەستێرە و... دەدوێ.

**تۆ خۆری، منی پیرە زەوی بەستوو هەتا کەی**
**بۆ دیتنی ئەو چاوە گەشانەت لە گەڕا بم**

ئەوین و خۆشەویستی وەک بەهێزترین هێمای مرۆڤ بوون، کۆڵەکەی شیعری شاعیرن:

**ئەوەندە بێ سرەوت و بێ قەرارە ڕوحی ئاشقم**
**ئەوینی تۆ قەرارە بۆ قەراری دڵ ئەوینەکەم**

جوانیناسی و ناسک خەیاڵی و بە باڵی هەور فڕین و هێنانی دەیان دەستەواژە و وشەی ناسک و پڕ لە جوانی لە وەستایەکی پەنجە زێڕینی جوان تاشی وەک ئەمین گەردیگلانی دەوەشێتەوە:

**خۆم و دڵم لە قەڵپەزی پرچی پەشێو و لوولی خست**
**گیانی شەکەت لەسەر گوڵ و هەور و شەپۆلی وەرکەوت**

خەم و پەژارە و داخ و دیق کاریگەرییەکی ئەوتۆیان لەسەر شاعیر هەبووە کە لەم کۆمەڵە شیعرەدا هەم خەمی تاکەکەسی و هەم خەمی نیشتمان، خۆیان لە چوارچێوەی شیعرەکان ڕۆ کردووە و زۆرجار ڕوخسارێکی خەمباریان بە شاعیر بەخشیوە:

**من لە فرمێسکی وەریوی نیوە شەو تەنیاترم**
**هەرچی تەنیایی لە دنیادایە لەو تەنیاترم**

گەردیگلانی بە پێی کەسایەتی و بیری وردی ناڕەزایەتی کردۆتە توخمی زەق و بەرجەستەی شیعرەکانی، کە یاسای بەرجەستەی دیتبێ لێی ڕاساوە و بەرەنگاری بووەتەوە. لە دەسەڵاتی ناساغ ناڕازی بووە و لێی وەدەنگ هاتووە، لە نەریتی ناحەزیش تووڕە بووە و بە گشتی لە شتە ناشیرینەکانی کۆمەڵگا ڕازی نییە.

**نامووس و سەروماڵی خەڵک دەڕفێنن**
**زاڕۆش دەکوژن دەڵێن بە فەرمانی تۆن**

لە کۆتاییدا ئەوە ماوە بیڵێم کە ئەمین گەردیگلانی لەم کۆمەڵە شیعرەدا زۆرتر لە جاران و بەرهەمەکانی تری چووەتە نێو جیهانی بیر و ئەندێشە و ئاوەزەوە و کامڵبوونێکی تۆخی فیکری بە شیعرەکانییەوە دیارە. ئەمە نیشاندەری ئەوەن کە شاعیر لە قۆناغێکی تری هەست و بیردایە و جێی خۆیەتی چاوەڕوانی بەرهەمی بەهێزتر و بیرمەندانەتر و شاعیرانەتر بین لێی.

**من ژین وەک تۆ بەتاڵ و ڕەش نابینم**
**لە جواب پڕە دڵم و بوو بە دەریای پرسیار**